The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# بەشێك لە بەڵگەنامەكانی چاك چووە ناو داخوازینامەی وزارەتی دادی هۆڵەندییەوە

**ڕۆژی چوارشەممە دانیشتنی سێیەمی پێداچونەوەی حوكمی ئانرات دەستی پێكرد , داواكاری گشتی داخوازینامەی خۆی خوێندەوە , لە داخوازینامەكەیدا ئەوەی ڕونكردەوە حكوومەتی عێراقی " نەك شەخس " لە نێوان سالآنی 1985–1988 تاوانی ژینۆسایدی دژ بە نەتەوەی كورد ئەنجامداوە لە كوردستانی عێراق .**

**لە چوارچێوەی داخوازینامەكەیدا چەندین جار ئاماژە دان بە ئەو بەڵگەنامانە هاتنە پێشەوە كە چاك پێشكەش بە دادگای كردبوو , لە ناویاندا لیستی ناوی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی كورد بۆ عەرەب " لیستی ناوەكان تایبەتە بە ناوچەی تاوغی كەركووك " , هەروەها ئەو نامەیەی ئانرات بۆ سەدامی نوسیبوو , سەرباری نامەكانی سەدام و بڕیارەكانی مەجلیس قیادەی سەورەو زۆری دی .**

**هاوكات داوایكرد پێویستە ئانرات بە هاوكاری لە ئەنجامدانی ژینۆساید تاوانبار بكرێت .**

**چەند چركەیەكیش فلیمێكی پیشان دا , كە چاوپێكەوتنێكی ئانرات بوو لەگەڵ تەلەفزیۆنی نێت وێرك , داواكاری گشتی وتی : دوای ئەم چاوپێكەوتنە دادگاییمان بۆ ئانرات دانا .**

**ڕۆژی 16–4–2007 كاتژمێر 10 سەرلەبەیانی , دانیشتنێكی دیكەی پرۆسەی دادگاییەكەیە .**

**ناوەندی چاك**

**2007–4–12**